# پێناسەی ( سحر ) و جۆرەکانی

[ بە کوردی ]

# تعريف السحر وأنواعه
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : إسراء صديق عەبدولعەزیز
الكاتبة : إسراء صديق عبدالعزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# پێناسەی ( سحر ) و جۆرەکانی

بێ گومان ئادەمیزاد بەختەوەرترین دروست کراوی سەر رووی ئەم زەویەیەو خوای باڵادەست هێزی ناسینی پێ بەخشیوەو ئاسمان و هەرچی لەزەویدا هەیەبۆی موسوخەر کردووە.

بەڵام هەندی جار هەندێ کەس پلەو پایەی خۆی لەبیر دەکات و زۆر بەئاسانی فریو دەخوات و دەکەوێتەشوێن خەیاڵاتی خۆی و وەسوەسەی شەیتتان، ئەو شەیتانەی کەدوژمنی سەرسەختی هەموانەو هەمیشەلەکەمیندایەبەپیلانەجۆراوجۆەکانی بۆ ئەوەی نێچیری خۆی لەخشتەببات، بیروباوەڕ و عەقیدەی تێك دەشکێنێ، وەدەیخاتە سەر ڕەورەوەی نەهامەتی.یەکێکیش لەشێوازەبەناوبانگەی شەیتان بۆ تێك شکانی یەکتاپەرستی و باوەڕ و تاکەکەس ڕاکێشانێتی بەرەو سحر و جادو.

لەم رۆژگارەدا دەبینین و دەبیستین کەساحر و جادووکەران بونەتەدیاردەیەکی بەرچاو و بەناوی شارەزا لەبوارەکانی ( کژو گیا دەرمانیەکان و زانستی ژمارەو پیتەکان و دوعا خوێندنەوە) خەڵکی چەواشەدەکەن بەرەو سحریان ڕادەکێشن و نێچیری ساوێلکەلەخشتەدەبەن و کەئەمەش مەترسێکی هەرەگەورەیەکەرووی کردوەتەدونیای ئیسلام بەربوەتەتێك شکاندنی بیروباوەڕ و عەقیدەی ئەم ئوممەتە، بۆیەبەئەرکی سەرشانم زانی ئەم بابەتەبخەمەبەر دیدی خوێنەری بەڕێز، بۆ ئەوەی بزانن کامانەیەئەو جادوو کەرانەی کەمەترسیان لەسەر دین و دونیا و رۆژی دواى موسڵمان هەیە، بۆ ئەوەی خۆیان لێ بپارێزن، چونکە رۆژانەچەندەها جۆر ( سحر ) ئەنجام ئەدرێت لەژێر ناوی نواندنی موکناتیسی و ئەستێرەناسی و خوێندنەوەی دەستەکان و زانست ژمارەو پیتەکان و کوێگرتن بۆ بورجەکان و ....هتد ، وەموسڵمان ئیمانی خۆی دادەروخێنی بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ.

سحر چیەو چەند جۆری هەیە؟

لە مفرەداتی راغبی ئەصفەهانیدا ( سحر ) بەدوو مانا هاتوە:

یەکەم: بەمانای فریودان و نیشانەدانانی شتی ناواقعی دوور لەڕاستی. زانایان دەفەرموون کەجادوکەرانی فیرعەون ئەم جۆرەسحرەیان دەکرد هەروەك لەم ئایەتەپیرۆزەدا هاتوە:(قالَ بَل ألقوا فإذا حِبالُهم وعِصِيُّهم يُخَيَّلُ إليهِ من سِحرِهِم أنّها تَسعى) سورة طه:66 .

دووەم: بەمانای ڕاکێشانی شەیتانەکان بەشێوازی تایبەت و یارمەتی لێ وەرگرتنیان، خوای گەورەدەفەرموێت: (هل أُنَبِّئُكُم على مَن تَنَزَّلُ الشّياطين * تَنَزّلُ على كلِّ أفّاكٍ أثيم * يُلقونَ السَّمع وأكثرُهُم كاذبون) سورة الشعراء: 221 .

بەگشتی سحر دوو جۆری هەیە:

جۆری یەکەمیان کەپێی دەگوترێت:(سحر خفة اليد) واتەجادوی سوکێتی دەستەکان ، کەلێرەدا ساحر کوناه بار دەبێت چونکەخەڵکی پێ دەخەڵەتێنن، بەڵام پێی کافر نابێت و لەبازنەی ئیسلام ناچێتەدەرەوە، ئەم جۆرەباس لێوەناکەین.

ئەوەی کەمەبەستمانەجۆری دوەمە، کەپێی دەگوترێت:(سحر الأعين) ، کەبەهۆی یارمەتی وەرگرتن لەشەیتان و جنوکەکان روو دەدات و دروست دەبێت، ئەم جۆرەش خۆی لەخۆیدا دەکرێتە سێ بەشەوە.

یەکەم: ئەو سحرەی کەڕاستەوخۆ بەهۆی شەیتانەوەروو دەدات، هەوڵدانی جادووگەری تێیدا نیەجگەلەوەی تەنها ناوی نەخۆش و دایکەکەی دەپرسێت، پاشان داوای قوربانیەکیان لێ دەکات، کەئەویش بۆ شەیتانە( پەنا بەخوا ) .

ئەمەش بەهێزترین جۆری سحرە ماندوو بونی زۆری دەوێت تا هەڵبوەشێتەوە، لەم جۆرەدا ساحر و نەخۆش هەردوکیان لەبازنەی ئیسلام

دەچنە دەرەوە چونكە ساحر خۆی لەخۆیدا كافربوە، نەخۆشیش قوربانی بۆ غەیری خوا ئەنجام دەدات كەئەویش بەشیركی گەورە دەژمێردرێت.

دووەم: ساحر بەیارمەتی روحەشەڕان گێزەكان و شتێك لەجەستەی ئەوو كەسەی كەسحری لێ دەكرێت ( پارچە جل بێت یاخود تەڵەقژ ... هتد ) جادوەكەی دروست دەكات.

لەبەر ئەوەی هۆكارەكانی لەجۆری یەكەم لاوازترن، جادوەكەلاوازەو جادوكەر خۆی ناتوانێت بەم كارەهەستێت ئەگەر هاتو روحەشەڕانگێزەكان یارمەتی نەدەن، شایانی باسەئەم جۆرەناتوانێت درێژ خایان بێت پێویستەهەمو جارێ تازەبكرێتەوە، پشت بەخوا زۆر بەئاسانی هەڵدەوەشێتەوە.

سێیەم: ساحر هەڵدەستێت بەبەكارهێنانی هێزی بیتەهیجای بەكانوزمارەو ئەستێرەو زەبزەبەكانیان.

ئەمجۆرەش زۆر سەختە، هەمو كەس ناتوانێت پێی هەستێت، پێویستی بەدراسەیەكی زۆر قوڵ هەیە، ئەمەش شێوازێكی بەناوبانگی عبرانیەكانەكەجارجاریش بەبانگ كردنی هەندێ ناوی نادیار و بێ مانا و كەلك لەجنی وەردەگرن بۆ وەرگرتنی هەندێ زانیاری.

لەوانە بە هۆی فەلەكەوە ئاگایان لەهەندێ روداوی سروشتی وەك بومەلەرزە و لافاوو ... هەبێت، بەڵام بۆ وەڕگرتنی زانیاری غەیبی كەڵك لە جنۆكە وەڕدەگرن كەدیسانەوە ساحر بەم كارە لەبازنەی ئیسلام دەردەچێتە دەرەوە.

لەهەر سێ جۆرەكەدا شكی تێدانیە كە ساحر بێ باوەڕە، چونكە ناتوانێت ئەو سحرەئەنجام بدات هەتا بێ باوەڕی خۆی بۆ شەیتان نەسەڵمێنێت( پەنا بەخوا ) .

جگە لەوە سحر كردن بەشێكە لەبەشەكانی ( شركی گەورە)، خوای گەورە لە موشریك خۆش نابێت، وەك دەفەرموێت:(إنّ الله لا يَغفِر أن يُشرك به ويَغفِر مادُون ذلِكَ لِمَن يَشاء).سورة النساء:48

بەپێی فەرمودەكانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ، ئەوانەی دەچنە لای جادووكەران دوو حوكمیان هەیە:

یەکەم: ئەگەر چوەلای ساحر و تەنها پرسیاری لیَ کرد، بەڵام لەدڵەوە باوەڕی بەوەڵامەکانی نەکرد، ئەوا چل رۆژ نوێژەکانی بەرز ناکرێتەوەو لێی قبوڵ ناکرێت ئەگەر هاتوو خاوەنی جوانترین نوێژیش بێت، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:(من أتى عرافا فسأله عن شيء لم يقبل له صلاة أربعين ليلة)،رواه احمد .

دووەم: ئەگەر هاتوو چوەلای و پرسیاری لیَ کردو باوەڕی پیَ کردو پاشان بەگوێشی کرد ئەوا کردەوەکانی هەموی پوچەڵ دەبێتەوەو پێی دەچێتەدەرەوەی بازنەی ئیسلام.

وەك پێشەوامان صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:(من أتى عرافا فسأله عن شيء فصدقه بما يقول فقد كفر بما انزل على محمد) متفق عليه.

ئەمەو خوای گەورە زاناترە بەڕاستیەکان و درودی خوا لەسەر پێغەمبەری خوا بێت